# زمانی دراما ... یان گووتن



ئاسایش عوسمان دانش

قسەکردن و گووتن لەناو خودی دراما و شانۆدا، یەکێکە لەو توخمەگرنگانەی کەدەقی شانۆی لێ دروست دەبێت ، چۆنیەتی ووتن و دەنگ دەبنە هۆی کەرەسەیەکی مەزن بۆ داهێنانی هونەری ڕەسەن و ستراکتوری هزر لەشانۆ و درامادا ، گووتن یان (حوار) ئەو ڕۆحەیەکەدەبێتە هۆی دروست بوونی ملانێ و بەردەوامبوون ، بۆ خستنە ڕووی کارئەکتەر و ئەو دێڕانەی کە خودی شانۆ یان دراما تیایدا دەژی لێرەوە هەموو دێڕەکان بەشدارییەکی گرنگ دەگێڕن لە گۆرینی کەسایەتی و خستنە ڕووی کێشەو ملانێکان و گرێدانەوەی وێنەو دیکۆر لەگەڵ ئێکسسوار وبەشداری لە دروستبوونی کردارەکاندا دەکەن ....

(ووشە) لەنووسەرەوە دەگاتە ئەکتەر ، ئەکتەریش بە بەهرە و توانای هونەرەکەیەوە ماناو مەبەست و بیرو باوەڕی دەقی شانۆی دەردەخات و دەیگەینێتە بینەر و بەئەنجامی ئەگەینیت ..

(ستانسلافیسکی) دەڵێت ( ئەگەر مەسەلە تەنیا ووشە بێت .... بینەران خۆیان ئەتوانن لەماڵەوە بێخویننەوە بەڵام هاتنیان بۆ شانۆ ئەوەیە کە گوێ لە ماناکانی ئەو دیوی ووشەکان ڕابگرن بۆیە ووشە جەستەو لەشی شانۆیە لە نمایشدا ،، گرنگ ئەوەیە سەراپای ووشەکانت بەدڵ بی و هەستیان پێ بکەی بیگەینیتە بینەرپێویستە تەلیسمی زمان دیار بێت چونکە زمان گیان بە بەر بێ گیانیشدا دەکات ( مایر هوڵد) بڕوای وایە لە شانۆییەکدا ئەگەر هەر پەخشان بێت کەسانی شانۆییکە ئەو زمانە بەکار دێنن کە لە ژیانی ڕۆژانەی چیروکەکەدا بەکاریان هێناوە، واتە هەر کەسە بەزمانی ناوچەکەی خۆی دەئاخفێت ..

بەڵام ئەگەر هەستەکانی خۆیان بەزمانێکی ناسکتر یان قەبەتر دەربڕی لەگەڵ کەسایەتی خۆیاندا نەگونجا شانۆ ئەم جۆرە رەفتارە پەسەند ناکات و لە دوواجاردا دەق و بینەر و سیناریۆ دەکەونە هەڵەی میتۆدەوە کەواتە دەبێت هەموو جاران ئەکتەر و سیناریۆ وەکو دوو لەشی ناکۆک بۆ  هەمیشەلەگەڵ یەکتر بێنە مەیدانی تازەگەرییەوە گۆڕان و عەقڵی تازەی ڕۆژئاوا شێوازێکە لە داهێنانەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی و نمونەیەکی دیارو بەرچاوەلەمێژووی شانۆی جیهانی و پێشکەوتنەکانی سەرجەم شانۆکارانی دنیا بەگشتی و شانۆکارانی کورد بەتایبەتی ...... ( ئەنتوان ئارتۆ ) هێرش دەباتەسەر زمانی درامی و دەڵیت ئێستا زەمان ، زەمانی دەنگەنەک ووشە، شان بەشانی زمانی دەنگ ..جموجۆڵ و ئەشیاو هەڵویست و بینراویش زمانی هەیە.. ئەو شتەی کەشانۆ دەیەوێت بەووشەبیگەینێت دەتوانیت لەدیوی ئەو دیوی ووشەکانەوەلەبۆشاییدا بەدەستی بهێنین ، تێگەیشتنی ماناو مەبەستی ووشەلای بینەر بەستراوەبەڕادەی شارەزایی وتنەکەی ئەکتەرەوە... پەلەکردنی دەربڕینی حوار وەک لافاویک وایەهەموو شت ڕادەماڵێ .. بەڵام ئەگەر بەپێی ئەندازەی خۆی بێت وەک جۆگەیەک وایەکەزەوی ووشکی زمانی شانۆ زیندوو بکاتەوە...!

سوید ..زستانی 2006